# مریشکە سوورە بچکۆلەکە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

نەرمین عوسمان



# مریشکە سوورە بچکۆلەکە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەرمین عوسمان
دیزاین: باکۆ محەمەد
هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم - ٢٠٢٤
تیراژ: ( ٥٠٠ ) دانە
نرخ: ( ٣٠٠٠ ) هەزار دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ - سلێمانی

NARIN INSTATUTE
for reaserch and publishing

ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە [ ٥٣ ]

**NARIN INSTATUTE**
for reaserch and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینستتیوتێکی کوردستانی، توێژینەوەیی قازانجنەویستە. کاری سەرەکی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشتیمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان و سازکردنی کۆڕ و سیمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

سوو ئارێنگۆ


# مریشکە سوورە بچکۆلەکە


وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
نەرمین عوسمان

2024

پێش ئەوەی دەست بکەیت بە خوێندنەوە،
دەتوانیت وشەکان بە وێنەکان بگەیەنیت؟



- پشیله
- مریشک
- تۆو
- مراوی
- گەنم
- قاز
- نان


لێرە مریشکێکی سووری بچکۆلەی لێیە.
هەروەها هاوڕێکانیشی: پشیلە، مراوی و قاز.



مریشک قاز مراوی پشیلە






مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- سەیر بکە! تۆوی گەنم! با بیانچێنین!
دەی! کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟

تۆو  رووەک








مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- دەی! کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
پشیلەکە وتی:
- من ناتوانم، دەمەوێت بنووم.




مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
مراوییەکە وتی:
- من ناتوانم، دەمەوێت لەناو ئاو یاریی بکەم.

## ئاو





مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- دەی! کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
قازەکە وتی:
- من ناتوانم، دەمەوێت لەبەر خۆرەکە دابنیشم.




مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- زۆرباشە.
هەر خۆی هەموو کارەکانی کرد.
هەموو تۆوەکانی چاند.





تۆوەکان پێویستیان بە ئاوە.
مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟



- کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
پشیلەکە وتی:
- من ناتوانم، حەزم لە ئاو نییە.

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە

١- مریشکە سوورە بچکۆلەکە ....... هاوڕێی هەیە.
یەک ▢ سێ ▢ دوو ▢

٢- مریشکە سوورە بچکۆلەکە هەندێک ........ دۆزییەوە.
تۆو ▢ گوڵ ▢ درەخت ▢

٣- مریشکە سوورە بچکۆلەکە داوای ....... دەکرد.
یارمەتی ▢ پارەی ▢ کاری ▢

٤- پشیلەکە دەیویست .......
بخوات ▢ بنووێت ▢ پیاسە بکات ▢

٥- مراوییەکە دەیویست ...... یاریی بکات.
لە باخ ▢ لەبەر خۆر ▢ لەناو ئاو ▢

٦- قازەکە دەیویست لەبەر خۆرەکەدا .......
دابنیشێت ▢ بنووێت ▢ پیاسە بکات ▢

٧- مریشکە سوورە بچکۆلەکە هەموو تۆوەکەی .......
چاند ▢ شووشتەوە ▢ خوارد ▢



## ئەم وشانە بنووسەرەوە


تۆو | ئاو | مراوی | ~~مریشک~~ | قاز | پشیلە

١




مریشک


٢



٣




٤



٥



٦






مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:

- دەی! کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟

مراوییەکە وتی:

- من ناتوانم، ژەمەخواردنی نیوەڕۆم دەوێت.




- کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟

مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- زۆرباشە.
خۆی هەموو کارەکانی کرد.




خۆرەکە گەرمە.
گەنمەکان گەشە دەکەن.
گەورە و سەوز دەبن.



گەنم





خۆرەکە گەرمە.

گەنمەکانیش زەرد بوون.




مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:

- سەیر بکەن! گەنمەکان زەرد بوون.

ئێستا دەتوانین دروێنەی بکەین.

کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟

دروێنە



- کێ یارمەتیم دەدات؟
پشیلەکە وتی:
- من ناتوانم، دەمەوێت یاریی بکەم.




- کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
مراوییەکە وتی:
- من ناتوانم، ژەمەخواردنی نیوەڕۆم دەوێت.



بۆشاییەکان بە وشەی گونجاو پڕ بکەرەوە:

خۆر | یاری | گەشە | درۆێنە | باشە | دەتوانێت

1. مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی: زۆر باشە.......
2. ................ەکە گەرمە.
3. گەنم .......... دەکات.
4. مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی: دەتوانین ئێستا ............ بکەین.
5. مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی: کێ ........... یارمەتیم بدات؟
6. پشیلەکە وتی: من ناتوانم دەمەوێت ........... بکەم.



ئایا ئەم رستانە راستن یاخود هەڵەن؟



1. پشیلە حەزی لە ئاو نییە.

راستە ◯ هەڵەیە ◯

2. مراوییەکە نانی نیوەڕۆی دەوێت؟

راستە ◯ هەڵەیە ◯

3. قازەکە دەیەوێت یاریی بکات.

راستە ◯ هەڵەیە ◯

4. خۆرەکە ساردە.

راستە ◯ هەڵەیە ◯

5. گەنمەکە گەشە دەکات و سەوز دەبێت.

راستە ◯ هەڵەیە ◯

6. گەنمەکە سوورە.

راستە ◯ هەڵەیە ◯

7. پشیلەکە دەیویست یاریی بکات.

راستە ◯ هەڵەیە ◯

8. مراوییەکە دەیویست یارمەتی مریشکە سوورە بچکۆلەکە بدات.

راستە ◯ هەڵەیە ◯




- کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
قازەکە وتی:
- من ناتوانم، دەمەوێت یاریی بکەم.




مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- زۆرباشە.
هەر خۆی هەموو کارەکانی کرد.
دروێنەی هەموو گەنمەکەی کرد.

مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:

- با گەنمەکەمان بهاڕین و بیکەین بە ئارد.







- کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟

پشیلەکە وتی:

- من ناتوانم، هەندێک شیرم دەوێت.

شیر هاڕین








- کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
مراوییەکە وتی:
- من ناتوانم، دەمەوێت بنووم.




- کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
قازەکە وتی:
- من ناتوانم، دەمەوێت ئاو بخۆمەوە.

مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- زۆرباشە.
هەر خۆی هەموو کارەکانی کرد.




گەنمەکەی هاڕی و کردی بە ئارد.

ئارد



ئەم وشانە بکە بە رستە:

1. یارمەتیم/ دەتوانێت/ بدات/ کێ.

کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟

2. دروێنەی/ گەنمەکەی/ مریشکەکە/ هەموو/ کرد.

..........................................................

3. شیرم/ دەوێت/ من/ هەندێک.

..............................

4. بهارین/ گەنمەکە/ با.

..................................

5. کرد/ خۆی/ کارەکانی/ هەر/ هەموو.

..........................................

6. ئارد / بە / کرد/ گەنمەکەی.

..........................................



سەیری وێنەکە بکە. بە بەڵێ یاخود نەخێر وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە.




١. ئایا مریشکە سوورە بچکۆلەکە هەندێک تۆوی دۆزییەوە؟ ☑ بەڵێ ☐ نەخێر

٢. ئایا تۆوەکە گەنم بوو؟ ☐ بەڵێ ☐ نەخێر

٣. ئایا مریشکەکە ویستی بیخوات؟ ☐ بەڵێ ☐ نەخێر

٤. ئایا مریشکەکە ویستی بیچێنێت؟ ☐ بەڵێ ☐ نەخێر

٥. ئایا مریشکەکە پێویستی بە یارمەتی هەبوو؟ ☐ بەڵێ ☐ نەخێر

٦. ئایا پیشلەکە یارمەتی دا؟ ☐ بەڵێ ☐ نەخێر

٧. ئایا مراوییەکە یارمەتی دا؟ ☐ بەڵێ ☐ نەخێر


٨. ئایا قازەکە یارمەتی دا؟ ☐ بەڵێ ☐ نەخێر

"دەتوانین نان دروست بکەین"
مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- دەتوانین بەم ئاردە هەندێک نان دروست بکەین.




مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- دەی! کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
پشیلەکە وتی:
- من ناتوانم، دەمەوێت بنووم.






مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:

- دەی! کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟

مراوییەکە وتی:

- من ناتوانم، دەمەوێت بچمە ناو باخەکە؟

باخ






مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:

- کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟

قازەکە وتی:

- من ناتوانم، دەمەوێت دابنیشم و خۆم بشۆم.




مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:

- زۆرباشە.

هەر خۆی هەموو کارەکانی کرد.

هەموو نانەکانی دروست کرد.

---

## شووشتن



"ئەم نانە زۆر خۆش دیارە!"
مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی:
- کاتی ئەوە هاتووە نانەکە بخۆین.
کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
پشیلەکە وتی:
- من دەتوانم!
مراوییەکە وتی:
- من دەتوانم!
قازەکە وتی:
- من دەتوانم!






مریشکە سوورە بچکۆلەکە بیری کردەوە، وتی:
- نەخێر! ئێوە ناتوانن! دووربکەونەوە! بڕۆن یاریی بکەن!
ئیتر مریشکە سوورە بچکۆلەکە، هەر خۆی هەموو نانەکەی خوارد.
هەمووی... هەمووی... هەموو نانەکە.

بیرکردنەوە



## بۆشاییەکان بە وشەی گونجاو پڕ بکەرەوە:

بشۆم | گەنمەکەی | دەی | کاتی | نان

هەموو | بڕۆن

1. مریشکەکە ........... کرد بە ئارد.
2. مریشکە سوورە بچکۆلەکە وتی: دەتوانین ...... دروست بکەین.
3. دەمەوێت دابنیشم و خۆم ............
4. ......! کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
5. مریشکەکە ......... نانەکەی خوارد.
6. .......... ئەوە هاتووە نانەکە بخۆین.
7. دووربکەونەوە! ........... یاریی بکەن.



## ئەوانە چی دەڵێن ؟

1. دەمەوێت لەناو باخەکە ............. بکەم.



2. دەمەوێت .............



3. دەمەوێت لەناو ئاوەکە ............... بکەم.



4. دەمەوێت ............... بخۆمەوە.



5. دەمەوێت .........م و خۆم ...............



6. دەمەوێت بچمە ...............



7. هەندێک .......... دەوێت.



8. ............... نیوەڕۆم دەوێت.



## گەمە و نواندن



### دیمەنی یەکەم

کۆرس: مریشکە سوورە بچکۆلەکە هەندێک تۆوی دۆزییەوە.
مریشکە سوورە بچکۆلەکە: با تۆوەکان بچێنین.
کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
پشیلە: من ناتوانم. دەمەوێت بنووم.
مراوی: من ناتوانم. دەمەوێت لەناو ئاو یاریی بکەم.
قاز: من ناتوانم. دەمەوێت لەبەر خۆرەکە دابنیشم.
کۆرس: هیچیان نەیانویست یارمەتی مریشکە سوورە بچکۆلەکە بدەن.
مریشکە سوورە بچکۆلەکە: زۆرباشە.
خۆم دەتوانم تۆوەکان بچێنم.
کۆرس: مریشکە سوورە بچکۆلەکە هەر خۆی هەموو کارەکانی کرد.

### دیمەنی دووەم

کۆرس: تۆوەکان ئاویان پێویستە.
مریشکە سوورە بچکۆلەکە: دەی! کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
پشیلە: من ناتوانم. من حەزم لە ئاو نییە.



مراوی: من ناتوانم. من ژەمەخواردنی نیوەڕۆم دەوێت.
قاز: من ناتوانم. من دەمەوێت پیاسە بکەم.
مریشکە سوورە بچکۆلەکە: زۆرباشە.
کۆرس: مریشکە سوورە بچکۆلەکە هەر خۆی هەموو کارەکانی کرد.



دیمەنی سێیەم


کۆرس: خۆرەکە گەرمە. گەنمەکان زەرد بوون.
مریشکە سوورە بچکۆلەکە: دەتوانین دروێنە بکەین.
کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
پشیلە: من ناتوانم. دەمەوێت یاریی بکەم.
مراوی: من ناتوانم. ژەمەخواردنی نیوەڕۆم دەوێت.
قاز: من ناتوانم. دەمەوێت یاریی بکەم.
مریشکە سوورە بچکۆلەکە: زۆرباشە.
کۆرس: مریشکە سوورە بچکۆلەکە هەر خۆی دروێنەکەی کرد.

دیمەنی چوارەم

مریشکە سوورە بچکۆلەکە: با گەنمەکە بهاڕین.
با بیهاڕین بکەین بە ئارد.
پشیلە: من ناتوانم. هەندێک شیرم دەوێت.
مراوی: من ناتوانم. دەمەوێت بنووم.
قاز: من ناتوانم. دەمەوێت ئاو بخۆمەوە.
کۆرس: هیچیان نەیانویست یارمەتی مریشکە سوورە بچکۆلەکە بدەن.
مریشکە سوورە بچکۆلەکە: زۆرباشە.
کۆرس: مریشکە سوورە بچکۆلەکە هەر خۆی گەنمەکەی هاڕی.
هەر خۆی هەموو کارەکانی کرد.

### دیمەنی پێنجەم

**مریشکە سوورە بچکۆلەکە:** دەتوانین هەندێک نان لەم ئاردە دروست بکەین.
دەی! کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
**پشیلە:** من ناتوانم. من دەمەوێت بنووم
**مراوی:** من ناتوانم. من دەمەوێت بچمە ناو باخەکە.
**قاز:** من ناتوانم. من دەمەوێت دابنیشم و خۆم بشۆم.
**مریشکە سوورە بچکۆلەکە:** زۆرباشە. من دەتوانم نانەکە دروست بکەم.
**کۆرس:** مریشکە سوورە بچکۆلەکە هەر خۆی هەموو نانەکەی کرد.



### دیمەنی شەشەم

**کۆرس:** نانەکە زۆر خۆش دیارە!
**مریشکە سوورە بچکۆلەکە:** کاتی ئەوە هاتووە نانەکە بخۆین.
کێ دەتوانێت یارمەتیم بدات؟
**پشیلە:** من دەتوانم!
**مراوی:** من دەتوانم!
**قاز:** من دەتوانم!
**کۆرس:** مریشکە سوورە بچکۆلەکە بیری کردەوە.
**مریشکە سوورە بچکۆلەکە:** نەخێر ئێوە ناتوانن!
لاچن دووربکەونەوە! بڕۆن یاریی بکەن.
**کۆرس:** مریشکە سوورە بچکۆلەکە هەر خۆی هەموو نانەکەی خوارد.
هەمووی... هەمووی... هەموو نانەکان.